# لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەستەبەری چارەسەرکردنی گشت کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە


کۆمەڵ

ژمارە (٢٠٠)، 3/12/2005

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی | هەفتانەیە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان/عێراق دەری دەکات


## وەک کوردستان

ئازاد جەلال

هەر وەك ئەو بە (بسم الله) دەستی پێکرد، وەك ئەویش بە دوو هەفتە جارێك، ئەو چەندین جێگەو شوێنی گۆڕی بەڵام ئەم لە نێو خۆداو ئەو لەدەرەوە، تیراژیش وەك ئەوو نزیك لەوەوەو کەمترو زۆرتر، وەك ئەوان بیریان ڕوون، ساف وەك شەوی سامالی ئاسمانێکی بێگەرد. پیت پیت وشەیان هۆنییەوەو کردیانە بەرۆکی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕۆژگاری کوردەواری. ئەم کۆمەڵ و ئەو کوردستان.




## نامەی دەنگدان

ڕەزا هەورامی

دەنگی ئێوە ماچێکە تا سەر
گۆنای منالێکی بێ باوکی ئەم
نیشتیمانە ئەڕوا،
ئەچێتە بیابان بۆ خزمەتی
ئەو کوڕو کچە جوانانەی
بەسواری ئیڤاکانی سەددام
خرانە چاڵێکی گەورە.
هەرکەس لەئێوە
سلاوێك لەدڵیایەتی، دەنگێك
لە دڵیایەتی ئەتوانێ
بیبەخشێ، ئەتوانێ بینێرێ بۆ
ئەو هەمو کوڕو کاڵە
شەهیدانەی لەژوورە
تاریکەکانی بەعسدا مردن.
مردن بێئەوەی دوا سلاوو
بکەن لەخۆشەویستەکانیان.

هەرکەس لەئێوە ئەتوانێ
نامەیەك بنێرێ
نامەی دەنگدان
نامەی وشەو ڕستەی جوان
بنێری بۆ ئەو پێشمەرگانەی
لەدۆڵێکا.. لەسەنگەرێکا..
لەپارتیزانییەکدا..
مردنو شیعری ڕاپەڕینیان
نەخیۆندەوە
مردنو شایی هەڵبژاردنیان
نەدی
مردنو ئاهەنگی
سەربەخۆییان نەگێڕا
هەریەك لەئێوە ئەتوانی
شیعرێك بنووسێ
لەسەر صندوقی دەنگدان
شیعرێك بۆ کورد.. بۆ
کەرکووك.. بۆ خانەقین.. بۆ
هەڵەبجە..


یەك شیعر بۆ پێنج هەزار
ئاوازی نەوتراوو
ئاوازێك بەکۆرسی پێج هەزار
ڕۆحی هەڵەبجە،
هەرکەسێك لەئێوە ئەتوانێ
بچێ بۆ وڵاتی ئازادی
یانی بۆلای صندوقەکان،
دەنگێك بداو ئاسمانێك
لەئازادی بێنێتەوە بۆ
نیشتیمان
پایز خۆی وەرزی دەنگدانە
ئەی نابینی درەختەکان گەڵای
دەنگی خۆیان
ئەدەن بەسەر زەمینی دایکیان
(٧٣٠)یش چاوەڕێی دەنگی
ئێوەیە
چاوەڕێی شیعری ئێوەیە
چاوەڕێی گەڵای ئێوەیە
چاوەڕێی هیوای ئێوەیە.

## (T.V) کۆمەڵ لە کەرکووك (T.V) بردەوە

ئا: پەیامنێری کەرکووك

لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لە دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا لە کەکووك و لەسەر بانگهێشتی (U.TV) پێشبڕکێیەك بۆ هەردوو کەناڵی کۆمەڵ (t.v) و کەرکووك (T.V) سازدرا، پێشبڕکێکە دوو تەوەرەی لە خۆگرتبوو تەوەرەی یەکەم پێشبڕکێیەك بوو لە نێوان هەردوو ستافی تەلەفزیۆنەکەدا، پێشبڕکێکە بەسەرکەوتنی (T.V) کۆمەڵ کۆتایی هات، لەو بارەیەوە ئەحمەد کەرکووکی سەرپەرشتیاری تەلەفزیۆنی کۆمەڵ وتی: ئەوەی جێی سەرنج بوو پرسیارە نیشتمانییەکان کۆمەڵ (T.V) وەڵامەکانیان ڕاست بوو پرسیارە ئاینییەکانی کەرکووك (T.V)، ڕاستیان وەڵامداوەتەوە تەوەری دووەمیش ڕاپرسییەك بوو لە ڕێی تەلەفۆنی بینەران لە کەرکووك ڕاستەوخۆ بەشدارییان تێیدا کرد لەو پرسیارەشدا سەرکەوتن هەر بۆ کۆمەڵ (T.V) بوو، دواتریش خەڵات لەلایەن کۆمپانیای سەنییەوە درایە بینەرێکی کۆمەڵ (T.V).

## (کۆمەڵ) خونچەیەکی گەش لە باخچەی ڕۆژنامەگەری کوردی




هەڵمەت ئەحمەد

ئەوە گەشتینە ئەو ڕۆژەی کە ژمارە (٢٠٠) ی ڕۆژنامەی کۆمەڵ ببینین، ئەو ڕۆژنامەیەی کە لە ناو چەندین ئازارو نەبوونیو کەموکورتیدا گەشتە ئەو ڕادەو ئاستەی کە ئێستا یەکێك بێت لەو ڕۆژنامە سەرکەوتوانەی کە بەرچاوەو جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە.

"کۆمەڵ" لەگەڵ ئەوەی کە زمانحاڵی حزبێکە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکە بە فیعلی چووەتە ناو خەڵکەوە، زیاتر ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی دەچێت، من ئەم بەرەوپێشچوونەو گەشەکردنەی "ڕۆژنامەی کۆمەڵ" بۆ ئەم هەموو ماندووبوونو هەوڵدانە دەگەڕێنمەوە کە ستافەکەی چەشتیان، هەروەها پەیامنێرە بەڕێزەکانیش ماندونەناسانە هەواڵی ناوچەکانی خۆیان دەگەیەنن.

خاڵێکی دیکەش بوونی "ڕۆژنامەی کۆمەڵ"ە بە دوانزە لاپەڕە کە ئەمەش بواری زیاتری بۆنوسەران خولقاندووە کە جێگەی قەڵەمەکانیان ببێتەوەو بنوسنو گەشەی زیاتر بدەن بە ڕۆژنامەکە.

## ڕێناس عارف چەمکی کاریکاتێر ڕاست دەکاتەوە



ئا: هەڵکەوت حەمید زەنگەنە

ڕێناس عارف لە سلێمانی ساڵی ١٩٧٢ لە دایکبووە، ئێستا وەك نەخشە سازو گرافیك کار دەکات تا ئێستا چەندین پێشانگای کردۆتەوە.

ڕۆژانی ٢٥-١١/٢٧ لە هۆڵی مۆزەخانەی پێشانگای هونەرمەند ڕێناس عارف تایبەت بە کاریکاتێرو کارتۆنی سیاسی کردووە. لەم پێشانگایە جیا لە پێشانگاکانی تر ڕێناس دەیەوێ بڵێ: وشەی کاریکاتێر بە هەڵە تەرجەمە کراوەو لەڕێی ئەم پێشانگایەوە ئەم چەمکە ڕاست دەکەمەوە بەبەکارهێنانی کارتۆنی بۆش.

## بیلێم؟!

ئا: ئاکام حەمەجەزا

- نەخۆشێك دوای شەرحی نەخۆشیەکەی بۆ دکتۆر لەهەڵەبجە، پێیان وت: خوا گەورەیە!
- ساڵنامەی کوردستان کە لە هەولێر دەرچووە، لەنوسینی ناوی قەزاکاندا هەڵەبجەی تیا نییە!
- گوێدرێژێك چووە نێو حەوشەی زانکۆی سەلاحەددینو لەگەڕاجی ئۆتۆمبێلەکاندا وەستا!
- دوای بێزاربوون لە نەکوژانەوەی، ئێستا لە مزگەوتێك بەخەتی جوان نووسراوە موبایلەکان مەکوژێننەوە!
- نەخۆشێکی دەروونی لەوەڵامی دکتۆرێك کە دەڵێ کارەبای لێبدە، وتی: کارەبا زۆرە تا لە منی بدەن!
- پۆلیسێك لە کەلار بەبەرگی ڕەسمییەوە هاواری دەکرد، پاقلەی کوڵیو!

## بەختەوەری خێزان پەستانی خوێن دادەبەزێنێت

و: دوالا پەڕە

لە کۆبوونەوەی پەنجاونۆیەمین ساڵەی نەخۆشییەکانی دڵ کە لەکەنەدا سازدرا لێکۆڵینەوەیەك لە لایەن دکتۆر (شیلدون توبی)ییەوە خوێندرایەوە و تێیدا وتی: ساردو سڕی پەیوەندی خێزانی ڕێژەی پەستانی خوێن بەرزدەکاتەوە بە تایبەت ئەگەر لە کاتی کارکردنی ڕۆژانەدا سەرۆکی خێزان ماندوو ببێ، بە پێچەوانەوە گونجان و بەختەوەری ژنو مێردو ئاسودەیی خێزان ئۆتۆماتیکی ڕێژەی پەستان دادەبەزێنێ بە چەشنێ کە لێدانەکانی دڵ ئاسایی بکاتەوە!

الاسرة والمجتمع


## بڵاوکراوەی نوێ

## تێگەیشتنی شەرعیی لە هاوپەیمانیی سیاسیی




لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ (٤)

نووسینی: ناظم عەبدوڵڵا

ساڵ: ١٤٢٦ك ـ٢٠٠٥ز

چاپ: دووەم ، سلێمانی

تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

بەرگ: سەیوان سەعیدیان


## ڕاشەن

## (٢٠٠) ژمارەی کۆمەڵ لەچاوی ستافەکەیەوە

**دوای دەرچوونی دووسەد ژمارە لەڕۆژنامەی کۆمەڵ، ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕۆژنامە هەستیان بەچەند دێرێك دەردەبڕن:**

**هاوژین عومەر/ بەڕێوەبەری نووسین:**

ڕۆژنامەی کۆمەڵ وەکو قوتابخانەیەك وایە، لەدونیای بەرفراوانی فیکرو مەعریفەو ناسینی کەسایەتییە فیکرییە گەورەکاندا، زۆر دەرگای بۆ من کردەوە، فێری زۆرخوێندنەوەو کەم نووسینی کردم، من لەو ڕۆژنامەیەدا فێری داکۆکیکردن لەڕاستییەکان بووم، چەندبەهرەو توانایەکی شاراوەم لەخۆمدا دۆزییەوە، هەروەها بەهۆی ئەو کۆسپو نارەحەتیانەشی هاتوونەتە بەردەم ئەم ڕۆژنامەیە، من فێری دانبەخۆداگرتنو بەردەوامیی بووم.

**کامەران حەسەن/ بەڕێوەبەری کارگێری:**

لەگەڵ ئەوەی (٢٠٠) ژمارەی ڕۆژنامەی کۆمەڵ بەری ڕەنجو ماندووبوونی ستافێکی لەخۆبوردوو خۆبەخش بووە، هاوکات هاوکارو خوێنەرانی ڕۆژنامەکەش ڕۆڵی پڕ شانازیان هەبوو لەگەیشتنی ڕۆژنامەکە بەو قۆناغە پێشکەوتنەوەی ئێستای، هەمووشمان بەو ئومێدە لەکاردابووین کە ڕۆژنامەی کۆمەڵ بتوانی خزمەتی گەورەو گەورەتر بەکاروانی خواناسیو بزاڤی ڕۆشنبیریو وشەی کوردیو دۆزی ڕەوای گەلەکەمانو گرفتو کێشەی موسڵمانان بکات. پیرۆز بێت (٢٠٠) ژمارەی ڕۆژنامەی کۆمەڵ.

**هەژار حاتەم/ دەستەی نووسەران:**

لەگەڵ گەورەییو گرنگیی کاری ڕۆژنامەنووسی، بەڵام بێ گرفتو سەریەشەش نییە، هەر لە بەدحاڵیبوونی بەرامبەرو بەدگومانیی دڵسۆزانو درەنگ وەڵامدانەوەی بەرپرسان، تا دەگاتە گرفتە مادییەکانیش کە بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیسلامیی وەکو (کۆمەڵ) تاکو ئەمڕۆ پێگەیەکی فراوان لەگرفتو کێشەکان پێك دێنێت.

لەماوەی سێ ساڵی کارکردنما لەڕۆژنامەی کۆمەڵ، ڕووداوی زۆر خۆشو زۆر ناخۆشیش هاتووەتە ڕێمان، پێموایە سەرەکیترینیان دەستگیرکرانی بەناحەقی جەنابی مامۆستا عەلی باپیرو هاوەڵانی بوو بەتایبەت بۆ ئێمە، چونکە کاك تۆفیق کەریم یەکێك لەوان بوو، کاری ڕۆژنامەوانی خۆی چەند پڕ گرفتە لەو ماوەیەدا چەندجار بۆ ئێمە پڕگرفتتر بوو.

**ئەکرەم فەرەیدون/ نەخشە ساز:**

هیواو ئاواتێکی زۆری بەخۆمانو گەلی کوردستان بەخشیوە، توانیویەتی ڕاستییەکان بەشێوەیەکی باشو ڕوون بخاتە بەردەم جەماوەری کوردستان. هەروەها هیوابەخشێکە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بەم شێوەیەو بەبێ پچڕان ژمارە یەك لەدوایەکەکانی دەرچووە، بەردەوامی گرنگە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (خير العمل أدومها وان قل).

**دارا جاف/ سەرپەرشتی چاپ:**

گرفت لەلای من، درەنگ تەواوبوونی تریسەکانە، کە دەبێتە هۆی گلەییو گازندەی (چاپخانە)و زۆر چاوەڕوانکردنی ئەو کەسەی کە مۆنتاژ دەکات. هەروەها هەندێکجار تێکچوونی جاپخانە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی ڕۆژنامە، یان گرفتی دابەشکردن، کە هەندێ جار ئۆتۆمبێل ئامادە نییە، یان جاری واهەیە کە درەنگ دەگاتە شوێنی دیاریکراو بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر خۆشحاڵم و ماندوو نابم.

**ڕەوشت موحەممەد/ دەستەی نووسەران:**

من لەژمارە دوانزەوە لێرەم، واتە سەدو هەشتاو هەشت ژمارەیە، تەمەنێکە لەگەڵ (کۆمەڵ)دام، خۆشم ئەوێ.

**خونچە موحەممەد ئەمین/ لاپەڕەی خوشکان:**

زۆر خۆم بەبەختەوەر دەزانم لە دەرچوونی ئەو ژمارە لە ڕۆژنامەی کۆمەڵ، بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکەش نیشانەیە بۆ دڵسۆزی و ماندوونەناسی ئەو ستافەی کەکاری تیادەکەن.

**زەکەریا عەبدوڵڵا/ تایپێست:**

بەهۆی ئەوەی کە لەم ڕۆژنامەیەدا کۆمەڵێك گرفتو هۆکار دێنە بەردەمانو ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵدا دەکێشین، هەرشتێکیش کە ماندووبوونی لەگەڵ بوو، بێگومان خۆشەویستترە، بۆیە ڕۆژنامە جێی ئومێدی کارمەندانیەتیو جێگەی خۆشی لەدڵی خوێنەرانیدا کردۆتەوە. کارمەندانیش هەردەم وەك کەسێکی دڵسۆز کاری تێدا دەکەن، نەك وەك فەرمانبەرێك.

**سەلاح سالار/ دەستەی نووسەران:**

نارەحەتی زۆرمان لەگەڵ ئەم ڕۆژنامە ئازیزەدا بینیوە، بەتایبەت بەندە وەك لەلاپەڕەی کاروباری ناوخۆ بەرپرسمو پەیوەندیم بەتۆڕی پەیامنێرانەوە هەیە، زۆریی هەواڵی ئەوانو ئۆرگانەکانی کۆمەڵو کێشەو گیروگرفتی هاووڵاتیانو کەمی جێگەی لاپەڕەکەم، زۆرجار گلەیی ئۆرگانەکانو پەیامنێرانم دێتە سەر، جگە لەوەی لەدەزگاکەش گیروگرفتمان بۆ دێنێتە پێش، وەك بێ کارەبایی، بەڵام بەئومێدێکی بەرزو خۆشەویستی بۆ کارەکانمان لە کاروانەکەمان بەردەوامین.

**هیوا عەلی/ تایپێست:**

من لە ژمارە (١٥٧)ی ڕۆژنامەوە هاتووم، زۆر زۆر خۆشحاڵم کە لە م ڕۆژنامەیەدا کاردەکەم، هیوای تەمەن درێژیو سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

ئا: ئازاد جەلال


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com